## بەڕێزان / سەرجەم نوسینگەکانی کۆمەڵەکەمان

## ب / گشتاندن

به سلاوێکی پێشمەرگانەی گەرمەوە به ئەرکی سەرشانی خۆمان زانی ئەم گشتاندن (تعمیم)ەتان ئاراستە بکەین ، چونکە لەدوای کۆبوونەوەی فراوانمان لەگەڵ سەرجەم نوێنەرە بەڕێزەکانی نوسینگەکانمان لە بەرواری ( 21/ 1/ 2008 ) و ڕاسپاردەی کۆبوونەوە بۆ گەیاندنی یاداشتێک بۆ سەرجەم هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی ( ی . ن . ک ) : ئاگادارتان دەکەین کە لە بەرواری ( 22 / 1 / 2008 ) ئەو یاداشتەمان ئامادە و پێشکەش کرد کە بریتی بوو لە ( 6 ) بڕگە و وێنەیان دراوە بە بەڕێزان ( کاک مەلا بەختیار ، کاک کۆسرەت ڕەسول ، کاک عمری سید علی ، کاک دکتۆر بەرهەم ، کاک مصطفی سید قادر ) و سەرجەم ئەو داخوازییانەی لەخۆ گرتبوو کە لەو کۆبوونەوەیەدا بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری لەسەر درابوو .

شـــایانی وتنە بە چەند ڕۆژێک پێش کۆبوونەوە فراوانەکەمان یاداشـــتێکمان پێشـــکەش کردبوو بە بەڕێز ( دکتۆر بەرهەم ) لە بەرواری ( 13 / 1 / 2008 ) و هەمان بابەت و بڕگەکانی ئەم یاداشتەمان لە بەرواری ( 1 / 3 / 2008 ) پێشکەش کرد بە بەڕێز هێرۆ خان و هەمان یاداشت لە بەرواری ( 15 / 3 / 2008 ) خستە بەردەم بەڕێز ( کاک مەلا بەختیار ) کە سەرجەم بڕگەکانی بەم جۆرەی لای خوارەوە بوون :

یاداشتەکە پێکهاتبوو لە سێ تەوەرە ، تەوەرەی یەکەم یەکێتی نیشتمانی کوردستان خۆی و لە ئاستی خۆیدا ، تەوەرەی دووەم یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ، تەوەرەی سێهەم یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پێشمەرگە دێرینەکان . . .

داخوازییەکانمان سەرەتا بریتی بوون لە دابڕانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی لە جەماوەر و ڕێکخستنەکان و دەبێ هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێ ، چونکە ڕێکخستنەکانمان وەک فەرمانبەر و قاعیدەکەمان لاواز و تێکۆشەرەکانیشمان وەک هاوولاتی تەماشا دەکرێن ، بەدواداچوون و پشکنین و هەڵسەنگاندن و جیاکردنەوەی کەسانی دڵسۆز و نادڵسۆز نەماوە و بەدی ناکرێن ، کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بوونەتەوە و لە کۆبوونەوەکانیشدا هەر هەڤاڵێک لیستێکی ئامادەی پێیە بۆ پۆستە حزبی و حکومییەکان کە لەسەر بنەمای لێوەشاوەیی نییە و ڕێکخستنەکان لاوازن و جێگای داخیشە کە کاری بازرگانی زۆر بە خراپی تێکەڵ کراوە لەگەڵ کاری سیاسی .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

به هەمان جۆر کێشەی جەماوەر کە لە خراپی کارەبا و تۆڕەکانی ئاو و گرانی هەموو جۆرەکانی سوتەمەنی و بێکەڵکی خۆراکی مانگانە و گرانی کەرەسە و کەلوپەلە سەرەکییەکان و پێداویستییەکانی ژیان لە بازاڕەکاندا و لێنەپرسینەوە و لەدەستدانی کۆنترۆڵ و پێویستی هەنگاونانی دڵسۆزانە بە ئاقاری چارەسەرکردنی .

é سەبارەت بە داواکارییە تایبەتییەکان بۆ ئەندامانی کۆمەڵەکەمان بریتی بوون لە بەشداری کردنمان بە ڕێژەیەک لە کۆنگرەی داهاتووی (ی ن ک) چونکە ئێمەین خۆمان بە خاوەنی ڕاستەقینە و دڵسۆزترین کەسی (ی ن ک) دەزانین ، هەروەها دروستکردنی مەدالیا یان نیشانەیەک و دابەشکردنی بەسەر ئەندامەکانماندا کە ئیمتیازی مادی و مەعنەوی لەخۆ گرتبێ ، و چاکردنی مووچە و گوزەرانی ئەندامانمان و بڕینەوەی مووچەیەکی ( مقطوع ) لە بابەتی مووچەی ( 1976 )ەکان و دروستکردنی چەند گوندێکی هاوچەرخ و دابەشکردنی خانووەکانی بەسەر پێشمەرگە دێرینەکان و دەسگیرۆیی کردنی کوڕەکانمان یان کچەکانمان لەکاتی ژنهێنان و شووکردن و دیاری کردنی ڕێژەیەکی بەرچاو لە زەماڵەی خوێندنەکانی دەرەوەی وڵات بۆ منداڵەکانمان .

شایانی وتنە تا ئێستا لە هیچ جۆرە ئەنجامێکی بەرچاوی ئەو داواکارییانە ئاگادار نەکراوینەتەوە و هیچ هەنگاوێکی دڵسۆزانەمان ڕەچاو نەکردووە ، جگە لەوەی لەلایەن بەڕێزان ( هێرۆ خان و کاک دلێری سەید مەجید )ەوە ئاگادار کراینەوە کە لە ئێستادا دەتوانن تەنها بڕی ( یەک ملیۆن دۆلار ) دابین بکەن بەمەبەستی بەکارهێنان وەک سلفە و پێدانی بە ئەندامەکانمان و ئاگاداریان کردین کە چاوەڕوانی دواوەڵامی ئێمە دەکەن ، ئێمەش لە کۆبوونەوەی بەرواری ( 12 / 4 / 2008 ) ی ئەنجومەنماندا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە :

دابەشکردنی ئەو ملیۆن دۆلارە بەم جۆرەی لای خوارەوە دەبێ :

ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دابەشی بکەین بەسەر سەرجەم ئەندامەکانمان کە بریتین لە (2500) کەس ، هەر ئەندامێک تەنها (400) دۆلاری بەردەکەوێ ؛ ئەگەر بدرێت بە ( 1250 ) کەس واتە نیوەی ئەندامەکانمان یەکی (800) دۆلار و ئەگەر هەر یەکێک (5000) دۆلاری بدەینێ تەنها (200) کەس سوودمەند دەبن ، خۆ ئەگەر سلفەکە بکەین بە (10000) دۆلار تەنها (100) کەس .

بۆیە نەمانتوانی پەسەندی بکەین چونکە هەوڵ و ماندووبوون و داواکاری پتر لە دوو ساڵی سەرجەم ئەو پێشمەرگە دێرینانەی (ی ن ک) کە ئەم ڕۆژگارەیان فەراهەم کرد و هەموو تەمەن و لاوێتی خۆیان کۆتایی پێهێنا لەپێناوی بەدیهێنانی خۆری ئازادی و ژیانی سەرفرازی خەڵکی کوردستان ، ناکرێ بە پاداشتێکی لەو جۆرە ڕازی بن ، بۆیە ئێمە بەردەوام دەبین تا بەدەستهێنانی ئەنجامی باش ، بۆیە داواکارین لە ڕا و پێشنیار و سەرنجی خۆتان ئاگادارمان بکەنەوە .

é ناشکرێ ئەو ڕاستیە نەڵێین کە تا ئێستا ئێمە وەک ئەندامانی ئەنجومەنی باڵا بێ هیوا و بێ ئومێد نەبووین و تروسکاییەکمان لا پەیدا بووە کە ڕەنگە هەوێنی وردە وردە جێبەجێ بوونی و مەیینی داخوازییەکانمان بێ ، گەیشتوینەتە ئەو قەناعەتەی سووربوون و بەردەوام بوونمان ، کۆبوونەوە و چڕبوونەوەی تواناکانمان مەرجی سەلماندنی داواکانمانە .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەگەڵ ڕێزدا

**ئەنجومەنی بـــاڵا**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com